Sorani

Information till vårdnadshavare
زانیاریی بۆ سەرپەرشتیار

زانیاریی لەبارەی سەکۆی (پلاتفۆرمی) فێربوون**Vklass**

خوێندنگاکانی سەر بە شارەوانی ئێسکیلستونا سەکۆیەکی تازەی فێربوونیان هێناوەتە کایەوە کە  بە ڤ کلاس ناوبراوە. تۆ وەک سەرپەرشتیاریی منداڵەکەت ئەتوانیت لەوێدا دوای خوێندنی منداڵەکەت کەویت و ئامادەنەبوون تۆمار بکەیت.

لێرە www.eskilstuna.se/vklassئەتوانیت زیاتر لەبارەی ڤ کلاس  بخوێنیتەوە و وەرگێڕان بۆ زمانی تریشت دەست ئەکەوێت.

**ڤ کلاس لەڕێگەی کۆمپیوتەرەوە**

تۆ بەچوونەژوورەوە بۆ ئێرە  www.vklass.se ئەچیتە ناو ڤ کلاس ەوە، لەوێ زانیارییەکانی چوونەژوورەوەی خۆت ئەنووسیت. **تۆ زانیارییەکانی چوونەژوورەوە لەو نامەیەدا ئەبینیتەوە کە پێشتر لەلایەن شارەوانی ئێسکیلستوناوە بۆت نێردرا.**

**گرنگە!**

یەکەم جار کە چوونەژوورەوە ئەکەیت بەرەورووی پەرەیەک ئەبیتەوە کە تۆ پۆستی- ئەلەکترۆنیکی و ژمارە تەلەفۆنی خۆتی تێئەکەیت. ئەمە گرنگە بۆ ئەوەی  خوێندنگا بتوانێت ئاگادارکردنەوە و زانیاریی بۆ تۆ بنێرێت.

**لەڕێگەی ئاپ ەوە لە مۆبایلەکەدا یان پانکۆڵەی سورف(سورفپلاتتا)دا**

تۆ ئەشتوانیت لە ڕێگەی بەرنامەیەکەوە دەستت بە ڤ کلاس بگات، کە تۆ بۆ ناو مۆبایلەکەت یان پانکۆڵەی سورف دایئەگریتەوە. لەڕێگەی ئاپ ی ڤ کلاس ەوە  بە ئاسانی دەستت بە  زانیاریی ئەگات و تۆ ئەتوانیت ڕاپۆرت لەسەر ئامادەنەبوونی منداڵەکەت بدەیت. تۆ چوونەژوورەوە بەهەمان زانیاریی چوونەژوورەوە ئەکەیت کە بۆ چوونەژوورەوەی کۆمپیوتەرەکەی ئەکەیت.

ئامۆژگارییەکی وورد ئەوەیە کە ووشەی نهێنی بگۆڕیت دوای یەکەم چوونەژوورەوە. تۆ ئەتوانیت ئەمە هەم لە کۆمپیوتەرەکەدا و  هەم لە ئاپ ەکەدا بکەیت.

بەخێربێیت بۆ پەیوەندیی کردن بە خوێندنگای منداڵەکەتەوە گەر پرسیارت لەبارەی ڤ کلاس ەوە هەیە